# عەدالەت،

# و چەمکە پەیوەندارەکان..!

دارامەحمود

عەدالەت چەمکێکی فرەواتاو فرە ڕەهەندە.و لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی دیرۆکی مرۆڤایەتی، بابەتی کێشەو ململانێی لایەن و دیدە جیاجاکان و هەروا جێگای سەرنج و لێکۆڵینەوەی بیرمەندان و بابەتێکی گرنگی فەلسەفەی سیاسی کۆن و هاوچەرخ بووەو هەیە.

چەمکی عەدالەت پەیوەندییەکی دانەبڕاوی بە سیستەمی سیاسیەوە هەیەو بۆنموونە بەلای ئیفلاتونەوە، چاکترین سیستەمێکی سیاسی، ئەوەیە کە باشتر بتوانێت عەدالەت لە کۆمەڵگادا دابین بکات.

واتاکانی چەمکی عەدالەت لەکۆندا، تەواو جیاواز بووە لەوەی ئەمڕۆ. و بەچەندان قۆناغی دیرۆکی جیاجیادا ڕەت بووە. و لەهەر قۆناغەی بەپێی هەلومەرجەکانی سەردەم و خوێندنەوەو لێکدانەوەی بیرمەندان و تایبەتمەندی زمان... واتای جیاوازی بەخۆیەوە گرتووە.

عەدالەت، بەلای ئیفلاتونەوە بەشێک لە فەزیلەتی مرۆڤایەتیەو لەهەمان کاتدا ئەو تەونەیە کە خەڵکانی ژێر سێبەری یەک دەوڵەت بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بەواتایەکی دیکە، خەسڵەتێکە لەیەک کاتدا هەم مرۆڤ بەباشی بەباردەهێنێت و هەمیش دەیکاتە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی. ئەم بابەتەش، واتا یەکسان دیتنی کاریگەریی عەدالەت لەسەر پەروەردەکردنی ئادەمیزادو بەکۆمەڵایەتی کردنی، یەکەمین و بنەڕەتی ترین بنەمای فەلسەفەی سیاسی ئیفلاتونە.1

بەڵام سۆفستاییەکان بەجۆرێکی تر بۆ جەمکی ناوبراویاویان دەڕوانی. و لەکاتێکدا ئەمەیان دەسەلماند کە عەدالەت بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگایەکی سیاسی و پارێزگاریکردن لەو کۆمەڵگایە، پێویستیەکی حاشا هەڵنەگرە، نکوڵیان لەوەدەکرد کەعەدالەت بنەمای بنیاتنان، یان بەبارهێنانی مەزنایەتی مرۆڤ بێت. و تراسیماخۆس دەڵێت: (عەدالەت، جگە لە قازانجی خاوەن هێزەکان شتێکی تر نییە).2

هەروا تراسیماخۆس لەوباوەڕەدابوو کە ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو یاسایانەی بەدەستی فەرمانڕەوایان دادەڕێژرێن فۆرمی دیموکراتی، ئەشرافی، یان سەرکوتکەرییان لێ بکەوێتەوە. بەرژەوەندی ئەندامەکانی حکومەتە. و دەسەڵاتداران، تەنیا ئەو یاسایانەی لە پێناو مسۆگەرکردنی بەرژەوەندی خودی خۆیان دایانڕشتووە بەناوی (عەدالەت)، بەسەر کۆمەڵگای دادەنەوەو هەرکەس سەرپێچیان لێ بکات بەناوی یاساشکێن و بێدادگەر سزای دەدەن. و هەربۆیەش بنەمای عەدالەت، میانی تەواوی دەوڵەتان یەکێکە. واتا جگە لە قازانجی حکومەت شتێکی تر نییەو لەتەواوی جیهاندا عەدالەت لەسەر پایەی یەک بنەمایە، ئەویش بریتییە لەپارێزگاریی قازانجی خاوەن هێزەکان.3

بەڵام نزیکەی شەش سەدە دواتر،ئارلیۆس ئۆگستین (354–430) بەشێوازێکی ترو لەدیدێکی ترەوە لەعەدالەت دەدوێت. و ئەو پێیوایە بریتییە لایاساو ڕێساو ڕێکوپێکی. و بەو پێیەی هەرکۆمەڵگایەک بۆخۆی ڕێگاو شوێن و یاسایەکی هەیە و خانەوادەش کە یەکەمین و بچوکترین کۆمەڵگایە کە تاک سەربەوێیە، ڕێگاو شوێنی خۆی هەیە کە بەسەر ئەندامەکانیدا دەسەپێنێ و هەرئەندامێک ئەو ڕێگاو شوێنانە بەباشی پەیڕەوبکات و بڕیارەکانی بەجێ بگەیەنێ، کەسێکی عادلە. و لەبەر ئەوەش کە خانەوادە بۆخۆشی بەشێکە لە سیستەمێکی گەورەتر کەدەوڵەتەو دەوڵەتیش بە ڕۆڵی خۆی بەشێکە لە سیستەمێکی جیهانگیر کە سیستەمی خواوەندییە، کەواتە دەوڵەتێکی عادل ئەودەوڵەتەیە کە بەپێی

www.dengekan.com

فەرمانەکانی خوا ڕەفتاری کردبێت و ئەوتاکانەش کە گوێڕایەڵی وەها دەوڵەتێکن عادلن.4 و ئەم دیدە هەتا ئەمڕۆش بۆ لایەنگرانی مەزهەب ڕەواجی هەیەو مەسیحیان و موسوڵمانانی مەزهەبی هیچ لێکدانەوەو پێناسەیەکیان بۆ عەدالەت و چەمکەکانی تری هاوشێوەی جگە گوێڕایەڵی و ملکەچکردن بۆ ئەوفەرمانانەی بەناوی خواوە دەرکراون نییە.

هەروا هەندێک پێناسەو لێکدانەوەی دیکەش لەئارادان کەلە گۆشەنیگایەکی ترەوە بۆ عەدالەت دەڕوانن بەڵام لەدووریانێکەوە بەهەمان دیدە مەزهەبیەکە دەگەنەوەو وبرەوپێدەری هەمان شێوازی ڕاڤەکردنن. لەناو ئەمانەدا بۆ نموونە دیدرۆ ( 1713–1784)، بێ عەدالەتی بەبەشێک لە شانۆگەریی ژیان دادەنێ. کە بە کۆتاییهاتنی ئەو شانۆگەرییە کە ژیانە تەواوی بێ عەدالەتییەکانیش کۆتاییان دێت.5 بەڵام مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێ پەی بە پوچی و بێواتایی ئەم دیدە ببات. چونکە ئەگەر ئێمە وەک شانۆگەرییەک بۆ ژیان بڕوانین ئەوکاتە دەبێ چاو لەگشت تاوان و جەنگ و کاولکاری و چەوسانەوەو ڕەشەکوژی و... بەگشتی چەوتییەکان بپۆشین، و ئەو پاساوەیان بۆ بهێنینەوە کە ڕۆژگارێک کۆتاییان دێت و بەحوکمی ئەوەی مرۆڤەکان دوای مەرگیان بەرابەر دەبن، کەواتە ئەوەی لەژیاندا ڕوودەدات گرنگ نییە و ئەمەش هەمان نەنگییە کە مەزهەب برەوی پێدەدات.

(مارتین لۆتەر)یش هەر بەهەمان ڕێچکەدا دەڕوات و پێیوایە هەر ئادەمیزادێک سەربە دوو شوێنە یەکەمیان جیهانی ئەزەلی و ئەوی تریشیان جیهانی خاکی. لە جیهانی ئەزەلیدا هەمووان، پیاوانی ئاینی و غەیرە ئاینی، خاوەن پلەوپایەو بێ پلەوپایە و هیتر هەموو بەرابەرن. ئەمانە هەموو گوناهکارو شایستەی شکەنجەی ئەبەدین. بەڵام لە جیهانی خاکیدا هەرکەس ئەرکی تایبەت بەخۆی هەیە، یەکێک ئاغایەو ئەوی تر ڕەعیەت. یەکێک پیاوی دەوڵەتیەو یەکێکی تر کارگەری بەکرێگیراو. جیاوازی نێوان پێگە کۆمەڵایەتییەکان بەرچاون و هەردەبێ واش بن. چونکە قەدەری خواوەندییە. و هەموو دەبێ بە چارەنووسی خۆیان خۆشحاڵ بن.6

لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە بەملاوە چەمکی عەدالەت بەشێوەیەکی گشتی لەدوودیدەوە دوو واتای جیاواز بەخۆی دەگرێت. یەکەمیان، دیدی ئەو بیرمەندانەیە کەلەفەلسەفەی سیاسیدا بەشۆڕشگێر ناسراون و باوەڕیان بەچارەسەری ڕیشەیی و هەمەلایەنە هەیە. لەناو ئەمانەدا تۆماس مۆر، جۆزیف برۆدۆن تا کارل مارکس.. کە لەدیدی ئەوانەوە عەدالەت هاوتای بەرابەرییەو بەواتایەکی دیکە عەدالەت و بەرابەریی یەکێکن. و ئەمەش کاتێک بەدی دێت کە موڵکداریێتی تایبەت لەناو ببرێت. دووەمیش دیدی ریفۆرمخوازانە کە بەشێوازێکی گشتی بیری سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپای لەسەر دامەزراوەو عەدالەت لەدیدی ئەوانەوە بەواتای ئینساف (Jusitice as Fairness) دێت.

ئەمڕۆش گەرچی هێشتا واتای جیاواز بۆ عەدالەت هەیە بەڵام لەناو گشت ئەو واتایەنەشدا جۆرێک پەیوەندی هەیەو پەیوەستەی ئەو بوارەیە کە تیایدا بەکارهاتووە. عەدالەت بەتەنیا نە چەمکێکی سیاسیەو نە قەزاییشە. بەڵکو لەسەر ئاستی ئایین، ئەخلاق، و هونەریش بەواتای جیاواز بەکاردێت و بەگشتی دەتوانین بڵێین عەدالەت بەواتای: بەرابەریی، یەکسانی، ئینساف، دادگەریی...دێت. و هەموو ئەم واتایانەش لە چەمک و دەستەواژەیەکدا خڕدەبنەوە کە بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی ناودەبرێت. و ئەم چەمکە پتر لەوەی لە واژەو دەستەواژەدا واتای بەرابەری بۆدابنرێت، لەخوێندنەوەو لێکدانەوەی گشتی بۆ بایەخدانانی پتر بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی،و لەسەر ئاستەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و مافناسی...خۆی دەنوێنێت. بۆیە ڕاستەوڕاست پەیوەندی بەچەمکاکانی تری وەک: دیموکراسی، ئازادی؛ پلورالیزم، مافەکانی مرۆڤەوە...پەیدا دەکات.

www.dengekan.com

## عەدالەت، دیموکراسی، ئازادی

گەرچی دیموکراسی چەمکێکی یەکجار کۆنەو ڕیشەکەی لە فەلسەفەی سیاسی کۆندایە، بەڵام بەشێوازە فراوانەکەی، لەنیوەی سەدەی نۆزدەهەم بەملاوە ڕواجی پەیداکردووەو ئەویش بەنۆرەی خۆی بەواتای جیاواز بەکارهاتووە.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا لە فەرانسە، بەلایەنگرانی ریفۆرمی کۆمەڵایەتیان دەگوت دیموکرات. بەڵام لە ئینگلستان، ئەمە بەشۆڕشگێڕانی ڕادیکال، کەخوازیاری گۆڕانکاریی دەستبەجێ و فرەلایەنی ژیانی کۆمەڵگابوون دەگوترا. و لەوێ دیموکراتەکان وەک (کەسایەتی مەترسیدار) ناویان دەبران.

دیموکراسی، تا پێش شۆڕشی 1848 دوو واتای هەبوو. یەکەمیان واتای سیاسی، کەهەمان واتای کلاسیک یان یۆنانیەکەیەتی کەبەواتای حکومەتی خەڵک دێت. دووەم، واتا کۆمەڵایەتیەکەیەتی کەباسی لە ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی ژیانێکی باشتر، و عادلانەتر دەکرد. و جەختی لەوەدەکردەوە کە خەڵک کاتێک بەڕاستی لەبەرانبەر یاساو حکومەتدا خاوەن مافی بەرابەرن، کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیشیاندا خاوەن هەلومەرجی بەرابەر بن. و جیاوازییە چینایەتیەکان کەمڕەنگ بووبنەوە.7

ڕۆسۆ ساڵی (1755) لەم بارەیەوە دەڵێت: (من قبوڵمە کە دوو جۆر نابەرابەریی نێوان مرۆڤەکان هەیە. یەکێکیان ئەوەی من بەسروشتیی، یان جەستەیی ناوی دەبەم. چما چونکە سروشت ئەوانەی هێناوەتە کایەوە، و لە جیاوازیەکانی نێوان تەمەن، تەندروستی، هێزیی جەستەیی، توانا فکری و مەعنەویەکانەوە بەدیاردەکەون. و نابەرابەرییەکەی تریش دەکرێ بە ئەخلاقی یان سیاسی ناوی ببەین. چونکە بەهۆی جۆرە ڕێکەوتنێکەوە لە ئارادایەو لەبەرخاتری (یان بۆڕازیکردن)ی خەڵک و یانیش لانی کەم بەو بەهانەیەوە پەیڕەو دەکرێت. ئەم جیاوازییە لە ئیمتیازەکاندایە. کە هەندێک کەس بەهۆی جیاوازکاریی، باشتر لەخەڵکی دەژین، دەوڵەمەندتر، ناودارتر، و بەتواناتر دەبن و تەنانەت خاوەنی پلەو پایەیەکن کە لەڕێگای زۆردارییەوە فەرمانڕەواییکردن بەسەر خەڵکییەوە بەدەست دەخەن).8

جێگای سەرنجە لەهەردوو واتای دیموکراسیدا پەیوەندی توندو دانەبڕاو بە ئازادی و بەرابەریشەوە لە ئارادایە. لە شێوازی یەکەمدا پتر جەخت لەسەر ئازادی دەکرێتەوە. بەو پێیەی ئەرکی حکومەت بوو، ئازادی خەڵک لەبەرانبەر هەڕەشەو مەترسیە دەرەکی و ناوخۆییەکان بپارێزێت. لە حاڵێکدا لە شێوازی دووەم، واتای شێوازە کۆمەڵایەتیەکەیدا، پتر جەخت لە بەرابەری دەکرایەوە. بەو پێیەی حکومەتێکی شایستەی ناوهێنان بەدیموکراسیەو کۆمەڵگایەک بەڕاستی ئازادە کە بەرابەریی هاوڵاتیانی زامن و مومکین بکات.

پلەبەندی لە نێوان دووچەمکی ئازادی و عەدالەت لە ڕۆژگاریی ئەمڕۆشدا لە ئارادایەو وەڵامی ئەو پرسەی لە نێوان ئازادی و عەدالەتدا کامەیان بەپلەی یەکەم دێت و کامەیان بو مرۆڤایەتی پێویست ترە هەمووان لەسەر یەک وەڵام کۆک نین. و گرفتەکەش لەو جێگایەدا پەیدا دەبێت کە گەرچی ئازادی و عەدالەت وەک دوو بایەخ و خواستی سروشتی مرۆڤ و مەرجی بەرقەرارکردنی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو، و سەقامگیرن، بەڵام مەرج نییە پەیوەندی ئەم دووانە هەمیشە پۆزەتیفانە بێت. بەڵکو بەپێچەوانەوە جار هەیە لەدژی یەکتر ڕادەوەستن. بۆ نموونە ئازادییەکی توندڕەوانە بە بایەخی لەدەستدانی عەدالەت تەواودەبێت و ئەو وتەیەمان بەبیردەهێنێتەوە کە دەڵێت ئازادی گورگ بە بایەخی گیانی مەڕ تەواودەبێت.

لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژیای لیبرالیزمیش، (ئازادی) خواست و لوتکەی ئامانجی سەرەکی لیبرالیزمەو لەبەرانبەر عەدالەتدا ئازادی بەپلەی یەکەم دێت و ئەو ئازادییەش بریتییە لە ئازادی سیاسی و ئابووریی و بەلای (ژرمی بنتام و ژان ستیوارت میل)ەوە کە پێشەوایانی لیبرالیزمن، (هەرشتێک بۆکاروباری بازرگانی سوودمەند بێت، خۆی لە خۆیدا بەسوودە)9

www.dengekan.com

بەڵام لیبرالیزمی نوێ کەبە لیبرالیزمی دیموکراسی ناودەبرێت بە پێشڕەوێتی بیرمەندانی وەک: (کارل پوپر، ریمون ئارن، مارسل گوشە...). لەو باوەڕەدان ئەگەر ئازادی بەدوور لە عەدالەتخوازی بێت، بێواتاو بێهودەیە.
لەسیستەمی لیبرالیزمدا بەهەردوو شێوازە کلاسیک و دیموکراسیەکەیەوە چەمکەکانی عەدالەت و بەرابەریی خاوەن پێگەی خۆیانن. بەڵام لیبرالیزمی دیموکراسی پتر لە شێوازە کلاسیکەکەی، هەڵگری بیری بەرابەریی و دابینکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی تاک بۆ بەشداریکردن لە بڕیاری سیاسی بووە. لیبرالیزمی کلاسیک بەرابەریی تاکەکان تەنیا لە واتا سیاسی و مافناسیەکەیدا خردەکاتەوە، بەڵام لیبرالیزمی دیموکراسیی سیستەمی دیموکراسی بەرپرسی بەدیهێنانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی پێویست، بۆ دابینکردنی بەرابەریی دەزانێت.
لە پێناسەکردنی دیموکراسیدا کەمتر کەسانێک چەندە لایەنگری لایەنە سیاسیەکەی دیموکراسیش بن هەن، کە خۆیان لە لایەنە کۆمەڵایەتیەکەی نەدابێت. ژان ستیوارت میل دەڵێت: (دیموکراسیەکی عەقڵانی ئەوە نییە کە خەڵک لەوێدا حوکمی خۆیان بکەن، بەڵکو دەبێ زەمانەتی حکومەتێکی باشیشیان پێ بدرێت).10 کە دیارە مەبەست لە دەستەواژەی (حکومەتێکی باش) بەخشینی ڕەهەنێکی کۆمەڵایەتیە بە دیموکراسی.
هەروا (ئالیکسی توکفیل)یش باس لەپەیوەندی نێوان بەرابەریی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی کۆمەڵایەتی دەکات و ریمون ئارن لەبارەی توکفیلەوە دەڵێت: (توکفیل واژەی دیموکراسی پتر بۆ دەستنیشانکردنی جۆرێک کۆمەڵگا بەکاردەهێنا تا جۆرێک دەسەڵات. و بە باوەڕی توکفیل دیموکراسی هەمان بەرابەرکردنی هەلومەرجەکانە. وکۆمەڵگایەک دیموکراتە کەئەو جیاوازکارییانەی بەهۆی چین و توێژەکانەوە پیدا دەبن، لە ئارادا نەبن. و تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بەرابەر بن).11
لێرەدا توکفیل ڕاشکاوانە دیموکراسی وەک فۆرمێکی حکومەت و شێوازێکی دەسەڵات بەکارناهێنێت، بەڵکو وەک دۆخێکی کۆمەڵایەتی.
کەواتە دیموکراسیبوونی دەسەڵاتێک لە ڕووی سیاسیەوەو پەیڕەوکردنی هەڵبژاردنی ئازادانەو بوونی دامودەزگا دیموکراسیەکانی دەوڵەت بەس نین بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵگا سیاسیە بە دیموکراسی ناوببەین. بەڵکو ئەم ئاستە پەیوەستەی ئاستە کۆمەڵایەتیەکەی دیموکراسیەو ئەمەش بەو واتایە دێت کە دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستەو ئابڕوومەندانە بۆ سەرجەمی کۆمەڵگا مەرجی سەرەکی هەبونی دیموکراسیەکی ڕاستەقینەیە. دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستەش بە پەیڕەوکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بەستنەوەی سنووری ئازادییەکان بەو عەدالەتەوە مەیسەر دەبێت.
ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر لە مارکسیزمدا بەرجەستە دەبێت. و مارکس لە دیدی چینایەتیەوە بەردەوام جەختی لەسەر دەکردەوەو لە پێناسەو هەڵسەنگاندنی دیموکراسی و ڕەخنەی خۆی لە لیبرالیزمدا دەیگوت کە بەرابەریی سیاسی، لەحوکمی بەرابەرییەکی ڕواڵەتی دایە نەک واقیعی. و لە کۆمەڵگایەکدا کە بەسەر چەندان چینی جیاوازو دژبەیەک دابەش بووبێت، هێنانەکایەی بەرابەری واقیعی لەتوانادا نابێت. و مارکس دیموکراسی واقیعی بەواتای: ( کۆمەڵگایەک کە زۆرترین ئاستی بەرابەریی کۆمەڵایەتی تێدا بەدەست هاتبێت)12. دەبینێت.

## عەدالەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

گرفتی بێ عەدالەتی یەکێک لە گرفتە گەورەکانی جیهان و یەکێک لە سەرچاوە سەرەکیەکانی کێشەو ململانێ و جەنگە بچوک و گەورەکان بووە. و بێ عەدالەتی لە هەموو ئاست و بوارەکاندا سیمایەکی دیاری جیهان و پەیوەندی دەوڵەتان و نەتەوەکانە.

www.dengekan.com

بێ عەدالەتی لەسەر ئاستی نێودەڵەتی لەسەرێکەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سیستەمەکانی حوکم لەسەر ئاستی ناوخۆی هەروڵاتێکەوەو لەسەرێکی تریشەوە پەیوەندی بەسیستەمی سیاسی- ئابووری جیهانەوە هەیە کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی مادی و لەڕێگای بەکارهێنانی هێزی سەربازی و تێکنۆلۆژیاو گوشاری سیاسی و دیپلوماتیکییەوە بەڕێوە دەچێت.
بێ عەدالەتی لە جیهاندا لەسەر چەند ئاست پەیڕەودەکرێت. و بەبڕوای من گرنگترینی ئەمانە ئاستەکانی ئابووری و زانست و دەسەڵاتە:

**بێ عەدالەتی لەسەر ئاستی ئابووریی:** نابەرابەریی ئابووری یەک لەگەورەترین و بگرە گەورەترین کێشەی مرۆڤایەتییە لەسەر ئاستی جیهان. و هۆکاری ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی زۆربەی هەرەزۆری کێشەو ململانێ و جەنگە ساردو گەرمەکانی کۆن و نوێ بووە.
دابەشبوونی جیهان بەسەر گەلانی هەژارو گەلانی دەوڵەمەندا سیمای نابەرابەرییەکی ئاشکرای مرۆڤایەتییە. و ئەو دابەشبوونە نابەرابەرەش بە ڕۆڵی خۆی، چەندان نابەرابەریی ترو بگرە لەهەموو ئاستەکاندا: بەدەستهێنانی زانست و سوود لێوەرگرتنی، دەرمان و تەندروستی، خواردن و خواردنەوەو بەگشتی خۆشگوزەرانی، پەروەردەو فێربوون...و چەندانی تر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. و پێکەوە دەبنە هۆکاروسەرچاوەی قەیران، و جیهان لە مرۆڤایەتی دەکەنە دۆزەخ.
ئەگەر بەراوردێکی خێراو سادەی دەستکەوتی ساڵانەی تاک لەوڵاتانی جۆربەجۆری جیهان PNB بکەین، پەی بەو درزە گەورەیە دەبەین کە جیهانی دابەش کردووەو لەهەمان کاتیشدا سیمایەکی ئەو ئایندە مەترسیدارەمان دێنێتە بەرچاو کە هەڕەشە لە مرۆڤایەتی و ئاشتی وئارامی جیهان دەکات.
دەستکەوتی ساڵانەی تاک بە پێی ئامارە جیهانییەکانی ساڵی 2005 لەوڵاتێکی بچوکی وەک لوکسمبورگ 78 هەزار دۆلارە کە زۆرترین دەستکەوتی تاکە لە جیهاندا. و نەرویج بە 62هەزار و سویسرا 53 هەزار دۆلار بە پلەی دووەم و سێهەم دێن. کەچی چەندایەتی ئەم دەستکەوتە لە وڵاتێکی وەک بوروندی تەنیا 106، ئەتیوپیا 123، پاکستان 600 دۆلارە.13
هۆکاری ئەم جیاوازییە گەورانە تەنیا لە هەلومەرجی سروشتیی، لە هەبوون و نەبوونی سامانەکانی ژێرزەوی و سەرزەوی و ئاووهەواو فاکتەری جیوگرافیایی خڕنابنەوە. بەڵکو گاریگەریی سیاسەت لەسەر بازرگانی جیهانی و دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی سامان بەشێوازی ناڕاستەوخۆ لە لایەن وڵاتانی زلهێزو مۆنۆپۆلکردنی ئەو سەرچاوانە و پشتگوێ خستنی ئەو وڵاتانەی لە سەر ئاستی جیوپۆلیتیکییەوە خاوەنی پێگەیەکی کەمتر گرنگن. و تەنگەتاوکردن و لەمپەرخستنەسەر ڕێی ئەو وڵاتانەی سەربزێوی دەکەن و لە ڕووی سیاسیەوە ناچنە ژێر ڕکێفی وڵاتانی زلهێزەوەو ئازادکردنی جڵەوی ئابووری بەجۆرێک کە نرخی کاڵا لەدەرەوەی کۆنترۆڵ بەرزبێتەوە...هتد هۆکاری سەرەکین و لەئەنجامدا بەگشتی دەوڵەمەند دەوڵەمەندترو هەژاریش هەژارتر دەبێت.
بیگومان هەمان گاریگەریی جیهانی کاتیک دەبێتە دووچەندان، کە لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتانیش بەهۆی نەبوونی دیموکراسی و پەرەسەندنی گەندەڵی و خەرجکردنی پارەو سامانی وڵات بۆ خۆپڕچەککردن وبەهێزکردنی دەزگا جاسوسییەکان و بەگشتی بەفیڕۆدانی پارەوسامان بۆ کارێک نە پێویستەو نە ئەنجامێکیشی لێ دەکەوێتەوە. زەمینەی لەبارتر بۆ داڕمانی ئابووری و بێکاری و دواکەوتن لە هەموو بوارەکاندا خۆش دەکات.
ئەگەر دووبارە بەراوردێکی تر لە نێوان دەستکەوتی ساڵانەی تاک لە چەند وڵات بە سیستەمی جیاوازەوە بکەین پتر کاریگەریی نێوخۆییمان بۆ دەردەکەوێت و بۆنموونە دەبینین لە وڵاتێکی وەک یوناندا دەستکەوتی ساڵانەی تاک 22 هەزار دۆلارە. کەچی لە تورکیا کە دراوسێی یۆنانە، و بەوهەموو توانا سروشتی و سەنعەتی و کشتوکاڵییەیەوە کە هەیەتی کەمتر لە 5 هەزار دۆلارە.

www.dengekan.com

هەروا لە بەراوردێکی تردا دەبینین هەمان دەستکەوت لە ئیسرائیل 19 هەزارە کەچی لە ئێران کە وڵاتێکی خاوەن نەوت و غازو ئاوو خاوەنی سامانی کشتوکاڵی و ماڵدارییە دەبێتە کەمتر لە 3 هەزاردۆلار.

**بێ عەدالەتی لەسەرئاستی زانست:** جیفری سوکس لە باسێکدا بە ناوی: یاداشتگەلێک دەربارەی کۆمەڵناسیی نوێی ئابووری دەڵێت: (دابەشبوونی زانست لە جیهاندا، چەندان جار لە دابەشبوونی دەسکەوت، لەسەر ئاستی جیهان ناعادلانەترە. ناوچەکانی خاوەن دەستکەوتی زۆر، (ئەوروپای ڕۆژئاوا، ئەمەریکای باکوور، ژاپۆن و ئۆقیانووسە)، بە لەسەدا 16ی دانیشتووانی جیهان. لەسەدا 58ی بەرهەمی ناپوختەی میللی جیهانیان لەبەردەستدایە. بەڵام هەمان ناوچە لەسەدا 87 ی بڵاوکراوەی زانستی و لەسەدا 99ی تەواوی مافی مۆنۆپۆلکراوی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەوروپاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای لەبەردەستدایە).14

جیهانی ئەمڕۆ کەوا چەند ساڵە ناوی گوندی گەردوونی بەسەردا بڕدراوە، و گوایە سنوورەکان کاڵ بوونەوەو بازاڕی ئازاد لەبرەودایەو تەقینەوەی زانیارەییەکان و پەیوەندی و هاتوچۆ گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی، نەک تەنیا زانست نەگەیشتۆتە ناوچە دواکاوتوو، و هەژارو گۆشەگیرەکان. بەڵکو بەست و لەمپەرە سیاسی و ئابوورییەکانیش دووچەندان بوون. ئەمڕۆ زانست دیل و ئاڵقەلەگوێی بازاڕەو وەک هەر کاڵایەک مۆنۆپۆلی وڵاتانی زلهێزەو تەنیا بەرهەمە مادییەکانی زانست (کاڵا) کە ڕۆژانە مۆدیلی نوێیان لی چێ دەکرێ، لەڕێگای بازاڕەوە دەگەنە دووردەسترین گۆشەی جیهان بەڵام خودی زانست، هەرئەوەندەی لێ هەڵدەکرێنرێ کە خودی بازاڕو بەرژەوەندییە ئابوورییەکان ڕێگای پێ دەدەن.

ئەم نابەرابەری و بێ عەدالەتییە لە یەکەمین پلەی زانست کە خوێندنی سەرەتاییە بەدیاردەکەوێت و ئاستی نەخوێندەوارییی لە و وڵاتانەی پێیان دەگوترێت جیهانی سێیەم ڕاچڵەکێنەرەو دەبینین ڕێژەی نەخوێندەواری لە وڵاتانی: سۆمال75%، سنیگال 69%، بەنگلادیش و پاکستان62%، مەغرب 57%، میسر 49%، جەزایر 40%، تونس 33%، سوریا 29%، ئێران 28%...

بێگومان ئەگەر ڕێژەی نەخوێندەواریی بەوجۆرەبێت، پلەکانی سەرتری خوێندنیش حاڵی لەوەباشتر نابێت. و بۆ نموونە ژمارەی ئەوقوتابیە دەرچوانەی دەبنە خاوەن بڕوانامەی کار لەوڵاتێکی وەک بەنگلادێش بە 133 ملیۆن دانیشتوانەوە بەرابەرە لەگەڵ هی هۆڵەندا بە 15 ملیۆن دانیشتوانەوە. هەروا ژمارەی ئەو دەرچوانە لە ئوستراليا بە 20 ملیۆنەوە 40 هەزار کەسی زۆرترە لە هی پاکستان بە141 ملیۆنەوە.

ژمارەی ئەوکتێبانەی لە وڵاتی دانمارک بە 5 ملێۆن دانیشتوانەوە هەیە 5 ملێۆنی زۆرترە لە هی ئەندونوسیا بە 238 ملیۆن دانیشتوانەوە.

تەنیا ئینگلتەرە بە 60 ملیۆن دانیشتوانەوە خاوەنی چەندایەتییەک لە کتێبە کە بەرابەری 52 وڵاتی موسوڵمانە بە یەک ملیارد دانیشتوانەوە.15

هۆکاری ئەم ناعەدالەتیە گەورەو مەترسیدارە، هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد و بەرپرسیاری ئەم گرفتە گەورەی مرۆڤایەتی لەیەک کاتدا هەم سیستەمی سیاسی و ئابووری جیهان و هەمیش سیستەمەکانی دەسەڵات لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەو وڵاتانەیە.

سیستەمی سیاسی جیهان لەو ڕووەوە بەرپرسیارە کە هەرلەبناغەوە لەسەر بنەمایەکی مرۆییانە بەڕێوەناچێت و دەمامکەکان هەرچییەک بن. لەواقیعدا سیاسەت تەنیاو تەنیا بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری وڵاتانە. و ئەگەر لێرولەوێ جیهان جارناجارێک ڕواڵەتێکی مرۆڤ دۆستی بەو سیاسەتە جیهانییەوە دەبینین ئەوە یان بۆ چاوبەستەکییەو یانیش بەڕێکەوت لە گەڵ بەرژەوەندییە گەورەکاندا یەکدەگرێتەوە.

هەروا سیاسەتی جیهانی و دەوڵەتانی زلهێز، دابینکردنی ئاشتی و ئارامی جیهانیان لە ئەستۆیەو ئەگەر لە پاڵ بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، بەرژەوەندییە مرۆییەکانیش لەبەرچاوبگیرێت ئەمە شتێک نییە لە

www.dengekan.com

توانادا نەبێت بەڵام چاوەڕوانییەکی وا لەم سیستەمە هەرگیز لە جێگای خۆیدا نییە. و ئەگەر وڵاتێکی وەک ئەمەریکا بێشەرمانە ڕابگەیەنێت، ڕێکەوتنامەی (کیۆتۆ) کە بۆ پاراستنی ژینگەی جیهانە، جیهانێک کە هی هەموومانە بۆیە ئیمزاناکات چونکە زیان بەبەرژەوەندییە ئابوورییەکەی دەگەیەنێت، جۆن دەبێ چاوەڕوانی ئەمەبین کە لەسەر بنەمایەکی مرۆییانە سیاسەت پەیڕەو بکات...!؟

هەر بۆ نموونە دەبینین تەواوی ئەو یارمەتییە مادیانەی بەپێی ڕێکەوتنامە نێودەوڵاتیەکان بە وڵاتانی هەژار دەدرێت بەرلەهەرشت پەیوەستەی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانە نەک پەیوەستەی  پلەبەندی ئەو پێویستییە. بەڕاستی جێگای شەرم و نەنگییە بۆ مرۆڤایەتی کە لە حاڵێکدا ئەو هەموو خەرجە زۆرو سەرسوڕهێنەرانە بۆ خۆپڕچەککردن تەرخاندەکرێت هێشتا لێرو لەوێ ئەم جیهانە مرۆڤ هەبن کە لە برسان بمرن.

(لەمڕووەوە، عادلترین دەوڵەت ئەوەنییە کە بە شێوەیەکی گشتی ئازادی هێناوەتە کایەوە. بەڵکو ئەو دەوڵەتەیە کە هەوڵدەدات کاتی خۆی لەپێناوی بەگژداچوونەوەی ئەو بێ عەدالەتییە گەورەیە تەرخان بکات کەبریتییە لە : هەرکەس بەهەژاری لەدایک ببێت، پێویستە تاکۆتایی ژیانی هەر هەژار بمێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە هەندێک جار دەوڵەت ناچاریش بێت مەترسی سنووردارکردنی ئازادی بەگیان بکرێت).16

**بێ عەدالەتی لەسەر ئاستی دەسەڵات:** بێ عەدالەتی لەسەر ئاستی دەسەڵات لە جیهاندا، لە هەموو ئاستەکانی تر کاریگەرترەو تەنانەت هەموو ئاستەکان تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستەی ئەون.

ئەمڕۆ دەبینین جیهان چۆن هەروەک پێشتر گوتمان بەسەر گەلانی هەژارو گەلانی دەوڵەمەن دابەش بووە هەروا لەسەر ئاستێکی تریش بەسەر دەوڵەتانی گەورە و بچوک، کەمهێزو بەهێز، دەسەڵاتدارو بیدەسەڵات دابەش بووە. گەرچی خودی ئەم دابەشبوونە بەهەموو شێوازو ئاستەکانییەوە هەردەکەوێتە خانەی بێ عەدالەتییەوە بەڵام ئەمە ڕەوتێکی دیرۆکی و پرۆسەگەلی ئاڵۆز ئەم واقیعەیان بەدیهێناوەو ئەوەی داخوا ئەلتەرناتیڤێکی لەمەباشتر لەتوانادایە یان نا، ئەمە بۆخۆی بابەتی گفتوگۆی گەرمی فەلسەفەی سیاسیی ئەمڕۆییە، کە با نەیخەینە ئەستۆی ئەم باسەو ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە ئەو بێ عەدالەتییەی لەم باسەدا مەبەستمانە لەخودی دابەشبوونەکەدا نییە، بەڵکو لە شێوازی پەیڕەوکردنی دەسەڵات و هێزەوەیە. و تەواوی وڵاتانیش پەیڕەوی دەکەن و هەریەکە لەبەرانبەر دەسەڵاتێکی لە خۆی لاوازتر خاوەن هێزەو بە خراپترین شێواز وەها دەرفەتێک دەقۆزێتەوە. و بۆ خۆپاراستن لە پلیشانەوەی وڵاتانی کەمهێز لە بن دەستووپێی وڵاتانی زلهێزدا، هەروڵاتە لە جۆرێک لەهەڤاڵبەندی و یانیش بلۆکبەندی دەگەڕێت. و ئەمانەش بەڕۆڵی خۆیان کۆمەڵێک پێشمەرجیان گەرەکەو ئەگەر وڵاتان بەوهۆیەوە بتوانن مەترسی وڵاتێک یان بلۆکێکیان لەسەر نەمێنێ ئەوە وەک پێویستییەکی حەتمی لەشوێنێکی ترەوە ئەومەترسییە پەیدا دەبێتەوە. وسەرئەنجام بە بایەخی لەدەستدانی سەروەریی، ئازادی، بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان و بەواتایەکی تر بێ عەدالەتی زۆرتر تەواودەبێت.

ئەوەی ئەمڕۆ حوکمی جیهان دەکات بەڕاستی پتر لەوەی حوکمێکی عەقڵانی بێت لە حوکمی مافیادەچێت و بەس. دەبینین لەمڕۆژگارەداو لەم ساتەوەختەدا کە ئەم چەند دێڕە تۆماردەکرێن، مرۆڤایەتی بەرانبەر مەترسی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورەی جیهانی دۆش داماوە. وڵاتانی وەک کۆریای باکوور، ئێران، هیندو پاکستان... کە گەلەکانیان لە برسان دەمرن و یانیش لەژیانێکی سەخت و دژواردا بەسەردەبەن، شانازی بەوەوەدەکەن کە خاوەنی وزەو چەکی ئەتۆمیین. لەبەرانبەر ئەم گەوجایەتییەدا، جیهانێک ڕاستبۆتەوە کەخۆی بە ئازادیخوازو مۆدێرن ناودەبات و بەڵێنی بەرقەراری ئاشتی و ئارامی بە جیهان دەدات. کەچی ئەنبارێکی لەجەکی ئەتۆمی و کۆکوژی تر دامەزراندووە کە لەتوانایدایە چەندان جار زەوی ژێرەوژوور و ژیان بنەبڕ بکات. زۆردەمێکە ئەوپرسانە لە ئارادان کە گەلۆ وڵاتان چەکی ئەتۆمیان بۆ چییە؟ ئایا بەبێ هەبوونی ئەو چەکانە کێشەکانی جیهان یەکلانابنەوەو کێشەیەک هەیە تا ئێستا

www.dengekan.com

لەورێگایەوە چارەسەرکرابێت.؟ ئایا ئەمەریکا لەهەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جیهانیدا ناتوانێ بە چەکە نەریتییە وێرانکارییەکانی کە ڕۆژانە پەرەسەندنییان بەسەردا دێت سەرکەوتن بەدەست بخات..؟ ئایا ئەمەریکاو زلهێزانی تری جیهان ئەو توانایەیان نییە کە لەسەر بنبڕکردنی ئەو چەکانەو قەلاچۆکردنیان ڕێکبکەون تا ئیتر بەهانەیەک بۆ وڵاتانی لەوان بچوکتر نەمێنێتەوە؟ ئایا ڕێکەوتن لەسەردامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی بۆ جیهان کەلەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی دامەزرابێ لەهەڵگیرساندنی شەڕ زەحمەت ترە؟ یان کێشەکە جۆرێکی ترەو سەرچاوەکانی لە شوێنێکی ترەوەن..!؟

بێگومان ئەم کێشەیە زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە ئێمە بە (نا) و (ئا) وەڵامی پرسەکانی پێ بدەینەوەو کۆمەڵێک هۆو فاکتەری سیاسی و ئابووری هەن کەدرێژە بەم بارودۆخە دەدەن. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە نیشاندانی ڕووی بێ عەدالەتی لەسەر ئاستی دەسەڵات وپەیڕەوکردنی ئەو دەسەڵاتەیە.

## ئاستەکانی عەدالەت لەکوردستاندا:

لەکاتی دوان لەدەسەڵات! یەکسەر دووچەمکی دەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتمان بەبیردادێت. و ئەگەر دەسەڵاتدار هەمان دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت بێت، دەبێ بێدەسەڵاتەکە کۆمەڵگا بێت. بەڵام بەهەبوونی سیستەمێکی پێشکەوتوو، دیموکراسی هاوچەرخ، سەقامگیرو شیاوی گەشەسەندن.. مەرج نییە هاوکێشەکە بەوجۆرەی سەرەوە بێت. چونکە ئەوکاتە لەسەرێکەوە دەسەڵاتی سیاسی خاوەنی دەسەڵات و سەڵاحییەتی ڕەها نابێت. لەسەرێکی دیکەشەوە، کۆمەڵگا لە ڕێگای چەندان هەل و دەرفەتی ترەوە و بە شێوازی جۆربەجۆر دەبێتە خاوەنی بەشێک لە دەسەڵات. لەمەش بترازێ لەو جۆرە کۆمەڵگایانەی ناومان هێنان کۆمەڵگا لە ڕێگای چەمکی ڕای گشتی و کۆمەڵێک میکانیزمی تری وەک: ئوپۆزسیۆن، کۆمەڵگای مەدەنی، میدیا... بۆ لێپرسینەوەو چاوەدێری و هاندان و ڕێنوێنییەوەو ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا... ئەو واقیعەی دەربازکردووە کە ئیتر بێدەسەڵات بێت.

بەڵام هەبوونی دەسەڵاتێکی تا ئاستێکی زۆر ڕەهاو کۆمەڵگایەکی بێدەسەڵات هێشتا لە جیهاندا بەشێوازێکی فراوان هەبوونی هەیە. و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتی ئێمەش یەک لەو ناوچانەیە کە دەسەڵات بەخراپترین شێواز پەیڕەودەکرێت و کۆمەڵگا لەبەرانبەر دەسەڵاتدا بەڕاستی بێدەسەڵاتە. و لەباشترین حاڵەتی خۆیدا خاوەنی دەسەڵاتێکی بچوک و سنووردارە.

دەسەڵاتی سیاسی شێوازێکی پیرامیدی هەیەو لوتکەی هەرسەرەوە خاوەنی زۆرترین چەندایەتی و چلۆنایەتییە لەدەسەڵات و تابنکەی پیرامیدەکە فراوانتر دەبێتەوە ئەودەسەڵاتەش کەمتر دەبێتەوە، بەجۆرێک کە بنکەی هەرەخوارەوە هیچی بۆ نامێنێتەوە.

ئەمڕۆ شێوازی گفتوگۆکان لە جیهاندا وەک یەک نییەو لە سەردوو ئاست بەڕێوەدەچێت. لەگەڵ ئەوەدا کە هێشتا مرۆڤایەتی لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا، نەیتوانیوە ئەو عەدالەتە دابین بکات کە شایستەی مرۆڤەو هێشتا ڕێگایەکی سەخت و درێژ لەم پێناوەدا لەبەردەمدایە، بەڵام دەبێ ئەمەش قبوڵ بکەین کە پلەبەندییەک هەبوونی هەیە. جیهانێک هەیە بە ئاستێکی ستاندارد گەیشتووەو لەمڕووەوە لێکدانەوەو دیدو خوێندنەوەی ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر لەهی ئەم جیهانەی ئێمە بەشێکین لێی و لە قۆناغەکانی سەرەتاداین جیاوازە.

بابەتی فەلسەفەی سیاسی تەنیا لەو کۆمەڵگایانەوە هەڵدەهێنجرێن کە بیرمەندانی سەربەوێن. و چەندە جیهان بەگشتی بۆ ئەوان ئاشنا بێت، لە ئاکامدا ئەوەی بەدەستی دەخەن پتر بۆ ئێشتیهاو وەڵامدانەوەی پرسەکانی خۆیانە. و ئەگەر وانەبووایە کەسێکی وەک فۆکۆیاما باسی لە کۆتایی دیرۆک نەدەکرد..! بابەتی ئەوان لەپەیوەندی لەگەڵ ئەم باسەدا دیتنەوەی پەیوەندی نێوان عەدالەت و ئازادییە. بەڵام بابەتی ئێمە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤە لە خۆراک و پۆشاک و شوێنی حەوانەوە کە هێشتا بۆ هەمووان دابین نەکراوە. بابەتی ئەوان بەراوردکردنی شێوازەکانی ئەمەریکاو ئەوروپایی

www.dengekan.com

دیموکراسییه. بابەتی ئێمە نەبوونی دیموکراسی و دەسەڵاتی ستەم و چەوساندنەوەیە. ئەوان شتێکیان بەخەباتی سەختی چەندان سەدە بەدەست خستووە کە ڕیفۆرم و چاکسازی دەخوازێت. ئێمە دەبێ شتێک بەدەست بخەین کە لە بناغەوە نیمانە و لەشوێنی ئەو خاوەنی سیستەمێکی گەندەڵین کە لەسەر کۆمەڵە بایەخێک دامەزراوەو تەنانەت وەک پەڕۆی سەوزی چاک و پیران بەکەڵکی موتفەرکیش نایەت...

پارادوکسە گەورەکەش لەمەدایە کە ڕۆژئاوا بەوهەموو ئەزموونەیەوە کە هەیەتی هێشتا ناڕازین و بارانی ڕەخنە بۆ ساتێکیش چییە ڕاناوەستێ و ئەو ناڕازیبوونانەش دروست لە جێگای خۆیاندان و مادام گرفتە گەورەو بچوکەکانی مرۆڤایەتی کۆتاییان پێنەهاتووە، مادام چەوساندنەوە لە عادلترین و ئازادترین وڵاتی جیهاندا ڕیشەکێش نەکراوە. کەواتە جەنگ ! هێشتا بەردەوامەو فۆکۆ گوتەنی: (جەنگە بنەڕەتییەکان هێشتا خەریکی ئامادەسازیین..)17. کەچی بەوهەموو جیاوازییە زۆرەی لە نێوان سیستەمەکانی حوکمی جیهاندا لە ئارادان. جیاوازییەک کە ناکرێ نەیان بینین، ئەو سیستەمەی دەکەوێتە بەشی هەرەخوارەوەی لیستی هەڵسەنگاندن وبەشی هەرەکەمی لە دیموکراسی و ئازادی و عەدالەت بەدیهێناوە چاوەڕوانی لەهەمووان زۆرترە لەو کۆمەڵگایەی حوکمی بەسەردادەکات منەتبارتر بێت.

بەداخەوە دەسەڵاتی کوردیش دەکەوێتە ناو لیستی ڕەشەوە. چونکە بەهەموو پێوەرێک و لەسەر گشت ئاستەکاندا، دەسەڵاتێکی ناعادلە. و بێ عەدالەتی لە بچوکترین ڕفتارەوە تاگەورەترینیان و لەهەموو بوارەکاندا سیماو خەسڵەتی ئەم دەسەڵاتەیە.

دابەشبوونی کۆمەڵگا بەسەر کەمینەیەکی دەوڵەمەندو زۆرینەیەکی هەژار، کەمینەیەکی دەسەڵاتدارو زۆرینەیەکی بێ دەسەڵات، جیانەکردنەوەی سێ دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەریی، و دەستێوەردانی ڕاستەوڕاست و ناڕاستەوڕاست لە کاروباری هەریەک لەودەسەڵاتانە لەلایەن لوتکەی پیرامیدی دەسەڵاتەوە، دزین و بەفیڕۆدانی سامان و دارایی نەتەوەیی بەشێوازی نایاسایی و بەیاساییکردنی چەوتی و گەندەڵیەکان، ڕێگەنەدان بەدرووستبوونی ئۆپۆزسیۆن و خۆسەپاندن لەڕێگای هێزەوەو هەوڵدان بۆ پەراوێزکردن و کارتۆنیکردنی هەرهێزو ڕێکخراوێکی بخوازێ بچێتە خانەی ئۆپۆزسیونەوە، کێشانی خەرمانەیەک بەدەوری کۆمەڵێک کەسایەتی و ماڵبات و نێوەندا کە هیچ لێپرسینەوەو سزایەک نایانگرێتەوەو تەنانەت لیدوان لەوەها شتێک یاساغ و نایاسایی و کەتن و تاوان بێت، بەردەوامی ستەم و چەوساندنەوە لەسەر ڕەگەزی مێینەو ڕەوابەخشین بەکولتووری دەستدرێژیکردن و سوکایەتی بەژن، کاریگەریی پلەوپایەو ناووناوبانگ و ئیعتیباراتی شەخسی لەسەر بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە، کاروباریی ئیداری، تەندروستی، پەروەردەوفێربوون...چەندان و چەندان بوارو ئاستی تر کە بەڵگەی حاشاهەڵنەگری بێ عەدالەتی ئەو دەسەڵاتەن.

ئێمە ئەمڕۆ پێویستمان بەپەیمانیکی کۆمەڵایەتی18 هەیە. پەیمانێک لەنێوان دەسەڵات و کۆمەڵگادا. هەنگاوی یەکەم و بەندی یەکەمی وەها پەیمانێکیش دەبێ پێناسەیەکی زانستیانەی ئەودەسەڵاتەبێت و خاڵی یەکەمی ئەو پێناسەیەش دەبێ وەسفی ئەودەسەڵاتە بێت بە ناعادل. قبوڵکردنی ئەمە وەک ڕاستییەک مەرجی سەرەکی و حەتمی بەڕێوەچوونی هەنگاوەکانی دواترن.

دەسەڵاتێکی باش، هەمیشە مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی ئارام و ملکەچی یاسادا دەکاتەوە.

دەسەڵاتێکی خراپیش هەمیشە خۆی لەبەرانبەر کۆمەڵگایەکی یاخی و سەربزێودا دەبینێتەوە.

لەبەر ئەمەش کە باشی و خراپی بۆخۆیان دوو چەمکی ڕێژەیین و هیچکات ناتوانرێ سنوورە کۆتاییەکانیان دەستنیشان بکرێن و بەوپێیەی مرۆڤ بوونەوەرێکە هەڵگری سروشتی تێرنەبوونی خواستەکانیەتی، کەواتە یاخیبوون و سەربزێویش هەرگیز کۆتاییان پێنایەت. بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە دەبێ تاهەتایە جەنگ و کێشەکان هەر بەردەوام بن. چونکە لە ئەنجامی پەیمانی ناوبراوەوە هاوکیشەیەکی بەمجۆرەی خوارەوە دێتە ئاراوە:

www.tengekan.com

ئاستێکی زۆر لەدیموکراسی و عەدالەت و ئازادی، بەرابەردەبێت لەگەڵ ئاستێک لەیاخیبوون کە شیاوی تەحەمولکردن و چوارچێوەدارکردنی بەپرێنسیپی دیالۆگ دەبێت.
پێچەوانەکەشی، واتا دەسەڵاتێکی ستەمکارو چەوسێنەر، هەمیشە بە یاخیبوونی بێ سنووری تاڕادەی بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن کۆمەڵگاوە ڕووبەڕوویە. ئەمە ئەویاسا نەگۆڕەیە لەوەتەی دیرۆک هەیە هەروابووەو هەر واش دەبێت.
( هیچ پادشایەک و هیچ حکومەتێک، بەوپێیەی ناتوانێ بۆهەمیشە دڵنیابێت لەوەی دەتوانێ لەو ڕەخنەو ناڕازیبوونانەی لەئەنجامی ڕەفتاری ناشایستی ئەوەوە لەهزری خەڵکیدا بەدیهاتوون قووتاربێت. کەواتە بەسوودی پادشاو دەوڵەتە کە ڕەفتارو کردارو گوفتاری خۆی، پێچەوانەی بنەما ئەخلاقییەکان پەیڕەو نەکات).19
دەسەڵات خۆی پێناسەی خۆی دەکات و هەرخۆشی شەرعیەت بەخۆی دەبەخشێتەوە. و ئەومافە بەخۆی ڕەوادەبینێت خۆی بە دەسەڵاتێکی دیموکرات و عادل ناوزەدبکات. لەکاتێکدا (مافی تاک تاکی ئێمەیە نەک هی دەوڵەت کە واژەی–عەدالەت– پێناسە بکەین)20 و ئەوە ئێمەشین ئاستەکانی دەستنیشاندەکەین و هەڵی دەسەنگێنین. و بەگشتی مافی کۆمەڵگایە ئەودەسەڵاتەی حوکمی بەسەردادەکات بەدیموکرات وعادل ناوببات نەک خودی دەسەڵات.

www.dengekan.com


**سەرچاوەو پەراوێزەکان**

1– دکتر ابوالقاسم طاهری/ تاریخ اندیشەهای سیاسی در غرب. تهران، نشر قومس.1379 ل30
2– هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.
3– هەمان سەرچاوە، ل31
4–هەمان سەرچاوە ل144–146
5–بانک احمدی/ مارکس و سیاست مودرین. تهران– نشر مرکز چاپ سوم 1381. ل552
6– سون اریک لیدمان. مترجم/ سعید مقدم/ تاریخ عقاید سیاسی از افلاتون تا هابرماس. نشر دانش ایران. 1379 ل119
7– بۆ زۆرتر زانیاری بڕوانە: بابک احمدی/ سەرچاوەی پێشوو ل554
8– هەمان سەرچاوە. ل 553
9– کریستیان دلاکامپانی/ فلسفه سیاست در جهان معاصر. ترجمة:بزرگ نادرزاد. انتشارات هرمز تهران 1382 ل162
10– هەمان سەرچاوە ل555
11– هەمان سەرچاوە. هەمان لاپەڕە.
12– هەمان سەرچاوە. ل551
13– بۆ زانیاری زۆرتر دەربارەی ئامارە جیهانییەکان بڕوانە سایتی ئینتەرنێتی http://nl.wikipedia.org/wiki/Lijst_van_landen_naar_BNP_per_hoofd_van_de_bevolking
14– لارنس هریسون، ساموئیل هانتینگتون/ اهمیت فرهنگ. مؤسسه انتشارات امیرکبیر . تهران 1383 ل115
15– بۆ سوودوەرگرتن لەو ئامارانە بڕوانە: شجاع الدین شفا/ تولدی دیگر. ایران کهن در هزارەای نو. چاپ پنجم دی ماه 1379، ژانویە 2001 نشر فرزاد.
16– کریستیان دالا کامپانی/ سەرچاوەی پێشوو. ل173
17– هەمان سەرچاوە/ ل116
18– چەمکی پەیمانی کۆمەڵایەتی پێشینەیەکی کۆنی لە دیرۆکی فەلسەفەی سیاسیدا هەیە. بەڵام تۆماس هۆبز بەشێوازێکی داهێنەرانە نیۆەرکی پەیمانی کۆمەڵایەتی لە پەڕتوکی لویاتان ساڵی 1651 دا ڕێکخست و بڵاوکردەوە.

پاشان  لاک له دوو کتێبی خۆیدا بەناوی نامەگەلێک دەربارەی حکومەتی مەدەنی 1690، کۆمەڵە بابەتێکی نوێی لەمڕووەوە خستەڕوو، و ئەمجار رۆسۆ کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی پەیمانی کۆمەڵایەتی 1762 بڵاوکردەوە.
مەبەست لە پەیمانی کۆمەڵایەتی ڕێکەوتن لەسەر دەقێکی نووسراوو ئیمزاکردنی ئەودەقە نییە. بەڵکو ڕێکەوتنێکی وەهمییە کە لەبواری پراکتایک دەردەکەوێت و هەریەک لەدەوڵەت و کۆمەڵگا بە ماف و ئەرکەکانی خۆی ئاشنادەبێت.

19– کریستیان دالا کامپانی/ سەرچاوەی پێشوو.ل293

20– هەمان سەرچاوە/ ل 192

darachimen@hotmail.com

2006/06/06

www.dengekan.com